## مۆبایلێک بۆ ڕۆژنامەنووسان



لەم دواییانەدا کۆمپانیایەك هاندێکی بەرهەم هێناوە کە لەراستیدا پێنووسێکە، بەڵام دەکرێ وەك هاندێکی مۆبایلیش سوودی لێوەرگری. هاندە نوێیەکە بە Traccia ناسراوە، وەك هاندەکانی دیکەی مۆبایل کامێراشی هەیە. سیستەمێك کە ئەو پێنووسە لەگەڵ مۆبایلەکانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە هەر شتێك بەو پێنووسە بینووسی دیکاتە فایلێکی دەق و هەڵیدەگری. ئەو هاندە بۆ ڕۆژنامەنووسان و ئەوانەی کە کاری پەیامنێری دەکەن زۆر سوودمەندە. گشت دوگمەکانی هاندە پێنووسەکە لە کۆتاییەکەی دان.

## گوگل جیهانی تەلەڤزیۆنیش دەگۆڕێ



گوگل نە تەنیا لە جیهانی ئینتەرنێتدا گۆڕانکاری خولقاندووە، بەڵکو لەم دواییانەدا هەوڵیداوە جیهانی مۆبایل و تەلەڤزیۆنیش بگۆڕێ. لەم ماوەیەدا گوگل یەکەم تەلەڤزیۆنی خۆی هێنایە بەرهەم، بەڵام تەلەڤزیۆنەکە سەرەڕای ئەوەی وەك تەلەڤزیۆنی ئاسایی سوودی لێوەردەگیرێ، بە جیهانی ئینتەرنێتیشەوە پەیوەندداراوە و وەك کۆمپیوتەرێك سوودی لێوەردەگیرێ. ئەم تەلەڤزیۆنە چوار



شوێنی HDMI و 4 جێگەی USB هەیە. بۆ سوود وەرگرتن لە ئینتەرنێتی ئەم تەلەڤزیۆنە پێویست بە کێبڵ ناکات، چونکە خۆی سیستەمی وای-فای لەسەرە کە سیستەمێکی وایەرلەیسی وەرگرتنی تۆڕی ئینتەرنێتە. بەکارهێنەری TVیەکە لەیەك کاتدا دەتوانێ سەیری فیلمێکی سینەمایی بکات و هەروەها دەتوانێ چات بکات و سایتەکانیش بکاتەوە.

## ئەو ماوسەی زۆربەی ئەرکەکان جێبەجێ دەکات



ماوس ئەو ئامێرەیە کە وەك شا کلیلی چوونە ناو جیهانی کۆمپیوتەر سەیر دەکرێت، بەبێ ماوس ئەنجامدانی ئەرك و فەرمانەکانی کۆمپیوتەر تارادەیەك دژوارە. بەڵام زۆربەی ماوسەکان تەنیا خاوەنی دوو هەتا سێ دوگمەن، کە ڕەنگە ئەو دوو دوگمانە نەتوانن گشت فەرمانەکان بە ئاسانی جێبەجێ بکەن. لەم دواییانەدا کۆمپانیایەك ماوسێکی بەرهەمهێناوە کە خاوەنی 17 دوگمەیە. 12 دوگمە لەلای ڕاستی ماوسەکەن و ئەوانی تریش لە لای چەپ و لەسەرەوەی ماوسەکەن. دەتوانی هەر کام لەم دوگمانە بۆ ئەنجامدانی فەرمانێك دابندرێت، بۆ نموونە دوگمەیەك تەنیا پرۆگرامی Word بکاتەوە دوگمەیەکی تر پرۆگرامی بڵاوکردنەوەی دەنگ و ڕەنگ بکاتەوە. ماوسەکە بۆ یاری ئەلکترۆنی زۆر گونجاوە، چونکە دەکرێ هەر دوگمەیەك بۆ فرمانێك دابندرێت. ئەو ماوسە دوو جۆری بێ وایەر و وایەرلیسی هەیە.

# وەڵامی چەند پرسیارێک لەبارەی کۆمپیوتەرەوە

• برادەرێك دەپرسێت، ماوەیەکە پۆرتەکانی USB سەر کۆمپیوتەرەکەم کارناکەن، هەتا ماوەیەك پێش ئێستا کاریان دەکرد، بەڵام ئێستا هیچ کار ناکەن، سیستەمەکە دەڵێت کە درایڤێکی نوێ دانراوە، هەرچەندە هیچ درایڤێکیشم دانەناوە، هەر بەو مەبەستە ویندۆزەکەشم گۆڕی، کەچی هەروەك خۆیەتی و USB یەکان هەر کارناکەن.

- هەروەك دەڵێی کە ویندۆزەکە باس لە درایڤێکی نوێ دەکات، ئەگەری هەیە سیستەمەکەی ئێوە کەڵێنی USBیەکان نەناسێ. هۆکارەکەشی بۆ دابەزاندنی چەند پرۆگرامێك هەیە، هەربۆیە پێویستە CD ویندۆزەکەت بگۆڕی. CDیەکی ئۆرجینال دابنێی. گەر هەر نەکرا، بۆ ماوەیەکی کورت باتری کۆمپیوتەرەکەت دەربێنە و پاشان فۆرماتی بکەوە.




• هاوڕێیەکی دیکە دەپرسێ کاتێك کۆمپیوتەرەکەم دادەگیرسێنم، دەنگێکی زۆر ئازاردەری لێدێت، بەڵام پاش ماوەیەك هێدی هێدی دەنگەکە کەم دەبێتەوە هۆکارەکەی چییە؟

- ئەو دەنگانە بەزۆری بۆ دەنگی (فەن) واتە پانکە دەگەڕێتەوە. کەوایە پێویستە بە خێرایی چاو لە (فەن)ەکانت بکەی. رەنگە یەك یان چەند دانەیەکیان تووشی گرفت ببن، وەك پانکەی پاوەر، پانکەی CPU و پانکەی کارتی شاشە، هەر کامێکیشیان تووشی گرفت ببن کۆمپیوتەر تووشی ئەو دەنگە دەبێت.


## حەزدەکەی ویندۆزەکەت بکەی بە ماکینتۆش

ویندۆز7 دەکرێ بڵێین زۆر بەباشی شوێنی ڤیستای گرتۆتەوەو ئەوکەموکورییانەی لە ڤیستادا هەبوون لەو ویندۆزەدا نەماون یان کەم بوونەتەوە، گەر رۆژێك حەزت لە ویندۆز7 یش نەکرد و ویستت بیگۆڕی بە سیستەمی ماکنتۆش زۆر بە ئاسانی بە پرۆگرامی iMod Inspirat CustoPack بیگۆڕە، ئەو پرۆگرامە ویندۆزەکەت بە جۆرێك دەگۆڕێ کە هیچ هەست بەوە نەکرێ کۆمپیوتەرەکەت جۆری ماکینتۆش نییە. گشت ئایکۆن و بەشەکانی ویندۆز دەبنە ماك. گەر حەزدەکەی ماوەیەك سیستەمی ماکنتۆش بەکار بینی پێویستە ئەو پرۆگرامە دابەزێنیەوە سەر کۆمپیوتەرەکەت.

بۆ ئاگاداری پێویستە لە سەرەتادا فایلی Custopack Tools دابەزێنن و پاشان پرۆگرامەکە ئیستتۆل بکەن. شایانی ئاماژە پێدانە پرۆگرامەکە بە خۆڕاییە.



## وەرگێڕەکەی گوگل بەبێ ئینتەرنێت




نزیك بە دوو ساڵ دەچێت کە گوگل سیستەمی وەرگێڕانی لەسەر سایتەکەی خۆی داناوە و ئەو سیستەمە سوودێکی زۆری بەو کەسانە گەیاندووە کە مەبەستیان بووە سایتێك یان بابەتێك بۆ زمانی مەبەستیان وەربگێڕن، هەروەك دەزانن لەو خزمەتگوزارییە نوێیەدا تەنیا بە کلیکێك دەتوانن ئەو کارە ئەنجام بدەن.

بەڵام گرفتی ئەو خزمەتگوزارییە لەوەدایە تەنیا لەوکاتەدا کە هێڵی ئینتەرنێت هەبە دەتوانی سوودی لێوەربگرن. پرۆگرامی Client for Google Translate کە ئەویش هەر هی کۆمپانیای گوگڵە بۆ ئەو کاتانە داندراوە کە هێڵی ئەنتەرنێت نییە و دەتوانی ئەو پرۆگرامە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دابەزینی و هەروەك خزمەتگوزاری سایتەکە سوودی لێوەربگری. شێوازی سوود لێوەرگرتن لەو پرۆگرامە زۆر ئاسانە، راست وەك سایتەکە دەچێت. بەداخەوە لەو پرۆگرامەدا وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی و هەروەها پێچەوانەش نییە. بەڵام بۆ زمانەکانی عەرەبی و فارسی تورکی گرفتێکی نییە.

# چۆنییەتی سڕینەوەی ئیمێڵەکەت لە یاهوودا



ئیمێڵ کە پۆستی ئەلکترۆنی هەر کەسێکە، بۆ گەیاندن و وەرگرتنی داتا و فایلەکان بۆ شوێنی مەبەست سوودی لێوەردەگیرێ، بەڵام جار هەیە ئێمە چەندین ئیمێڵمان هەیە کە تەنیا لە ئیمێڵێك سوود وەردەگرین و ئەوانی دیکە لە راستیدا زیادن، رەنگە ئەوانەی ئیمێڵمان بۆ رەوانە دەکەن نەزانن کە لەو ئیمێڵانە سوود وەرناگرین و ئیمێڵەکانی خۆیان بۆ ئەو ئیمێڵانە بەرێ بکەن. بۆ ئەوەی کە ئیمێڵێکمان لە سایتی یاهوودا بۆ هەمیشە بسڕیەوە پێویستە ئەو هەنگاوانە بگریە بەر.

پاش ئەوەی کە گوگل کرۆم، یان ئینتەرنێت ئیسکپلۆرێرمان کردەوە ئەو ئەدرەسە دەنووسین https://edit.yahoo.com/config/delete_user دواتر لاپەڕەیەك دەکرێتەوە کە پێویستە ئیمێڵەکە و پەسۆردەکە بنووسین، پاشان لاپەڕەیەکی دیکە بەو ناوە دەکرێتەوە Terminating your Yahoo! Account. جارێکی دیکە داوای پەسۆردەکەت لێدەکات و پاسۆردەکەت بنووسە و فەرمانی YES لێبدە. ئیمێڵەکەت سڕایەوە، بەڵام بۆ ئاگاداریت تا ماوەیەك ناتوانی بەناوی ئیمێڵەکەی پێشووت ئیمێڵ بکەیەوە.

# ئاساندنی دوو سایتی گرنگ



وێنەکانتان لە سایتی www.citrify.com دەستکاری بکەن.

لە سایتی www.citrify.com دا زۆر بەئاسانی دەتوانی وێنەکانت دەستکاری بکەی، وەك لابردنی پەڵە و رەشایی لەسەر چاو، زیادکردنی رووناکی و کەمکردنەوەی رووناکی لەسەر وێنەکان. هەروەها دەتوانی کوالیتی وێنەکان بەرییە سەر. ئەو سایتە بەتایبەتی بۆ ئەو کاتانە گرنگە کە هیچ پرۆگرامێکی تایبەت بە دەستکاریکردنی وێنە لەسەر کۆمپیوتەردا نییە.

لە سایتی www.moonfruit.com بە ئاسانی سایتێك دروست بکە گەر لەو سایتەدا ئەکانتێك بکەیەوە واتە ناوی خۆت تۆمار بکەی، دەتوانی تەنیا بە چەند کلیکێك، سایتێك بۆخۆت دروست بکەی، هەرچی حەزیش دەکەی لەسەر سایتەکەتی دابنێی، ئەو سایتە دەستپێکێکی باشە بۆ ئەوانەی کە نیازیانە سایت دروست بکەن و هیچ شارەزاییەکیان لەسەر دروستکردنی سایت نییە. گەر حەز دەکەی سایتەکەت کەس نەبینێ دەتوانی بە ویستی خۆت وای لێبکەی. هەروەها بۆ دانانی بابەت و فایلەکان لە سایتەکەدا ئەو سایتە هەتا 20 میگابایت شوێنی بەتاڵت پێ دەبەخشێ، هەرچەندە ئەوەندە کەمە، بەڵام بۆ دەستپێك باشە.

# چۆنییەتی بردنەسەری خێرایی کۆمپیوتەر لە ویندۆز 7دا

گرفتێك كە هەمیشـــە بەكارهێنەرانی كۆمپیوتەر لە چنگی بە زاڵە هاتوون، كێشـــەی دابەزینی خێرایی كۆمپیوتەرە، هەندێك لە سیســـتەمەكان دوای ئەوەی كە هەڵیان دەكەی ماوەیەكی زۆر دەخایەنن تا دەچنە ســـەر سیستەم. دیارە هەندێك ڕێگە چارە هەن وەك لێدانـــی فەرمانی Msconfig لە ویندۆزی XPدا، بەڵام لە ویندۆز 7 و ڤیســـتادا توانایەكی نوێ هەیە كە بە Windows Boot Performance Diagnostics ناســـراوە، ئەو توانایيە بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی ئەو گرفتانە لا دەدات كە دەبنە هۆی دابەزینی خێرایی سیستەم.



# چەند زانیارییەک لەبارەی گوگل کرۆمەوە

پرۆگرامی گوگل کرۆم کە بۆ بەدواگەڕانی ســـایتەکانە، بە بەراورد بە پرۆگرامە هاوشێوەکانی خۆی، هەم خێرایی زیاترە و هەم خزمەتگوزاری زۆرتری تێدایە. لێرەدا ئاماژە بە چەند خزمەتگوزارییەکی گوگل کرۆم دەکەین.

1- بۆ کردنەوەی لینکێك لە Tabێکی نوێدا دەتوانی بە سوود وەرگرتن لە ماوس لینکەکە بگری و بیخە ریزی TABـەکان.

2- گەر فرمانی Ctrl دابگری و دوگمەکانی 1 هەتا 8 دابگری بە ئاسانی لەنێوان tabـەکاندا دەگەڕێی.

3- بـــە داگرتنی دوگمەکانی Ctrl+shift+t دەتوانی دوایین tab کە داتخســـتووە جارێکی دیکە بیهێنیەوە.




www.gulan-media.com/it

بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :

Mobile: 07504514008 Email: it @gulan-media.com